# ئەی ئەبا زەر، دەبینم کە تۆ لاوازیت، ومن ئەوەی بۆ خۆم پێمخۆشە؛ بۆ تۆیش پێمخۆشە، مەبە بە فەرماندەر بەسەر دوو کەسەوە، ومەبە بە بەرپرسیار لەسەرماڵی هەتیو

لە ئەبی زەروە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «ئەی ئەبا زەر، دەبینم کە تۆ لاوازیت، ومن ئەوەی بۆ خۆم پێمخۆشە؛ بۆ تۆیش پێمخۆشە، مەبە بە فەرماندەر بەسەر دوو کەسەوە، ومەبە بە بەرپرسیار لەسەر ماڵی هەتیو».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەبو زەر -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرمووە: (دەبینم کە تۆ لاوازیت، ومن ئەوەی بۆ خۆم پێمخۆشە؛ بۆ تۆیش پێمخۆشە، مەبە بە فەرماندەر بەسەر دوو کەسەوە، ومەبە بە بەرپرسیار لەسەر ماڵی هەتیو)، ئەم چوار ڕستەیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەبی زەری ڕوونکردەوە: پێی فەرموو: (دەبینم کە تۆ لاوازیت): ئەمەش وەسفێکە بە گوێرەی واقیع وڕاستیە و وەکو ئامۆگاری دەووترێت نەک بۆ شکاندنەوە وبۆیە هیچ شتێکی تێدا نییە ئەگەر کەسێک بە مرۆڤێک بڵێت: ئەمە وئەوەت تێدایە، بەڵام مەبەستی شکاندنەوە وعەیبدارکردنی نەبێت ولە پێشی خەڵکی نەبێت. وفەرمووی: (ومن ئەوەی بۆ خۆم پێمخۆشە؛ بۆ تۆیش پێمخۆشە): وئەمیش لە نیشانەی ڕەوشت جوانی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- چونکە ڕستەی یەکەم هەندێک بریندارکردنی تێدا بوو، ومانای ئەم ڕستەیە ئەوەیە: من بۆیە ئەم قسەیەم کرد ئەوەی بۆ خۆم پێمخۆشە؛ بۆ تۆیش پێمخۆشە. پاشان فەرمووی: (مەبە بە فەرماندەر بەسەر دوو کەسەوە): واتا مەبە بە پێشەوا بەسەر تەنانەت ئەگەر دوو کەسیش بێت، واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکردووە لەوەی کە ببێتە فەرماندەر؛ چونکە لاوازە وفەرمانڕەوایەتی پێویستی بە کەسی بەهێز وسپاردە پارێزە وتەنها سپاردە پاراستن بەس نییە بەڵکو پێویستە هێزیش هەبێت بۆ ئەوەی دەسەڵات وتوانای هەبێت و وشەکانی جێبەجێ ببێت، وئەگەر قسە بکات قسەکانی جێبەجێ بکات ولاواز نەبێت بەرامبەر خەڵکی، چونکە ئەگەر خەڵکی کەسێک لاواز بێت بە لایانەوە وەکو پێویست ڕێزی لێناگرن ودەستدرێژی دەکەنە سەر بە تایبەت ئەگەر لە دەسەڵاتیش بێت، بەڵام ئەگەر بەهێز بێت ئەوا سنوورەکانی خوای گەورە تێناپەڕێنێت، وکەمتەرخەمی ناکات لە دەسەڵاتێک کە خودا پێی بەخشیوە بەڕاستی ئەمە پێشەوای ڕاستەقینەیە. ودوای ئەمە پێی فەرموو: (ومەبە بە بەرپرسیار لەسەر ماڵی هەتیو): واتا خۆت مەکە بە بەرپرسیار لەسەر ماڵ وسامانی کەسی هەتیو وجێی بهێڵە بۆ کەسێکی تر بۆ ئەوەی سەرپەرشتیاریان بکات، وهەتیو ئەو کەسەیە کە باوکی مردووە پێش ئەوەی باڵغ ببێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لە ئەبی زەر کرد کە سەرپەرشتیاری پارە وسامانی هەتیو بکات؛ چونکە ماڵی هەتیو پێویستی بە گرنگیدان وچاودێری کردنە، وئەبو زەر لاوازە ناتوانێت ئەم سەرپەرشتیارییە جێبەجێ بکات و وەکو پێویست مافی خۆی پێبدات، وئەم فەرموودەیە بەکەمدانانی ئەبو زەر نییە چونکە خۆی دەیگێڕێتەوە چۆن کەسێک شتێک دەگێڕێتەوە کە بەکەمدانانی خۆی تێدا باسکرا بێت! وهەروەها ئەبو زەر فەرمانی بە چاکە دەکرد ونەهی لە خراپە دەکرد وکەسێکی زاهید و لە خودا ترس بوو ئەمانەش هەمووی نیشانی بەهێزین لە ئیماندراردا، بەڵام لە بابەتێکی دیاریکراودا لاواز بوو ئەویش بابەتی فەرمانڕەوایی وگرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی ودەسەڵاتە.